# شتەکانی عاشق



هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com
٢٩ی٣ی٢٠٠٦

گریانەکانی عاشق
بۆ پاککردنەوەی ئەشکەوتەکانی روحە
لە پشماوەی ئەو کۆترانەی
سەفەرێکی لەناکاو
ئەیانبا
ئەیانبا بەرەو دارستانی ئەفسوناوی دلی بیابان
سەفەرەکانی عاشق
بۆ وونکردنی کیشوەرەکانی روحە
بۆ بزرکردنی شارەکانی دڵ
بۆ جێهێشتنی کۆلانەکانی جەستە
عاشق
بەشەڕابی ترێی رەزەکانی شیعر
سەرخۆش نابێت
بەدوای کێلگەکانی تریاکدا ئەگەڕێ
خەونەکانی عاشق
لەخەو نیە
لەتووتنی چاوەڕوانی
جگارەیەکی
پڕ تام
پڕ بۆن
پڕ رەنگ
ئەکات بە دەمی شەودا
شەوەکانی عاشق
لە دوکەلی خەونەکانی

کاروانێکی
پڕ حەز
پڕ جریوە
پڕ هەناسە
پڕ لە گەڵا
بۆ تاریکوڕۆنی چاوەکان بەڕێ ئەکا
چاوەکانی عاشق
پەپولە بێ باڵەکان هەڵئەفڕێنێ
بۆ ماچە کێویەکان
پەنجەکانی ئەکات بە درەختێکی رەنگین
دڵەکانی عاشق
لەباخچە گشتیەکاندا
گوڵی سور سور ئەگرن
ئەبن بە سێبەری
ژوان
لەژێریەوە
کچ و کوڕەکان
ماچەکانیان جێدەهێڵن
حەزەکانی عاشق
باڵندەی کۆچەرین
لەگەرمیانی جەستە رووتەکان و
لەکوێستانی جەستە داپۆشراوەکان
بۆنەکانی عاشق
لەهەناسەی ئەو دەمەدا ژیان وەرئەگرن
کە خواوەندی
تابلۆ ئاویەکان
لە بناری مەمکەکانی ژنێک و
ترۆپکی مەمکەکانی پیاوێک
تێکەڵئەبن
خەمەکانی عاشق
لەدابڕانی جەستە نیە
لەو ماچە ووشکبووانەیە
دیندارەکان ئەیکەن بە جغارە
گرفتەکانی عاشق

لەمێردکردن
یان ژنهێنانی
دەسگیرانەکەی نیە
لەو گۆرانیانەیە
کە شاعیرەکەی خۆشەویستی نەکردووە
گۆرانیەکانی عاشق
لەو شیعرانەیە کەنابنە گۆرانی
مردنەکانی عاشق
لە فڕینی روحەکان نیە
لەشکانی ئەو باڵانەیە
کە ئاسمان بەدوایاندا ئەگەڕێ
ئاسمانەکانی عاشق
پەردەی نێوان ئەو و خودا نیە
خوداکانی عاشق
خۆشەویستی ئەکەن
ماڵەکانی عاشق
دەرگا و پەنچەرەکانی بێ دیوارن
بەرماڵ و
سەرماڵ و
پشتماڵ و
بنماڵ و
تەنیشت ماڵەکانیش پڕن
پڕن لەو تابلۆیانەی
هەرگیز لە جولە ناکەون
لەو رەنگانەی خەو ناناسن
لەوهێڵانەی
پڕن لە ئاڕستە
چیرۆکەکانی عاشق
بێ وولاتن و
قەرەج نین
نەزمانیان هەیە و
نەزەمەن
مەرگەکانی عاشق
لەکۆکردنەوەی دەقەکانە

**له لەبەرگدانی روداوەکان**
**سەرەتاکانی عاشق**
**نیە**
**کۆتایەکانی عاشق**
**نیە**
**بوونەکانی عاشق**
**بەربڵاو**
**پیرۆزیەکانی عاشق**
**ئازادی بەسەرهاتە و**
**ئازادیتری**
**گێڕانەوەیە**
**گەمەکانی عاشق**
**بەشەو لەگەڵ ئەستێرەکانە و**
**بەرۆژیش لەگەڵ خۆی**
**فێڵەکانی عاشق**
**ئەوەندە منالآنەن**
**هەموو کەسێک لێی تێئەگات**
**درۆکانی عاشق**
**ئەبنە چیرۆک و**
**رۆمان و**
**شیعر**
**قسەکانی عاشق**
**کلیلی دەرگاکانی ناخن**
**درۆزنەکان وونی ئەکەن**
**قەلەباچکەکانی ئیسلام**
**ئەیشارنەوە**
**منداڵەکان**
**بۆ تەمەنی هەرزەکاری هەڵیئەگرن**
**پیرەکانیش**
**بەر لە مردن**
**بەچاویلکەی یاداشتەکان**
**بۆی ئەگەڕێن**
**کەسەکانی عاشق**
**هەر یەک بۆ خۆی**

بۆ بەختی خۆی لە گریانە
بە دەردی خۆی هەناسە سارد
هەناسە و فرمێسکەکانیش
بەو ئەفرۆشن
پیاسەکانی عاشق
لە کەناری خەیال ئەچی ئەچێ
دائەنیشێ
لەهەیوانی نێوچەوانی
پاڵئەکەوێ
لەو مێرگانەی
لە بناری دڵی سەوز ئەبن
بیرەکانی عاشق
لەنێو پەنچەی فەیلەسوفان فیرار ئەکەن
بە کۆڵانی تریاکیەکان
خۆ ئەگەینە سیمیناڕی سەرخۆشەکان
گشت رۆژێکیش
بەبێ تیکت شار ئەگەڕێن
بەو پاسانەی
شتراڤەیان
سڕینەوەی چەند مانگێکە لە ساڵانی تەمەن
یادەکانی عاشق
لە شەوانی ئەو کوڕانە ئەگێڕنەوە
کە تا بەیان
لە کۆڵانی پشت ماڵی یار
چاوەڕێنە
لەناو جێگای ئەو کچانە خۆ مات ئەکەن
کە تا بەیان
براکانیان
لەبەر دەرگا کۆنکان ئەکەن
گوڵەکانی عاشق
نە بەهاری و نە پایزین
نە بە سەرما هەڵئەوەرێن
نە بە گەرما
ڕەنگەکانیان

لەجێ پەنچە هەڵگوشین و
لەجێ لێو هەڵمژینی
ئەو دەسبازیە ئەدۆزنەوە
کە لە واری
کۆچەریەکان جێئەمێنن
بۆنەکانیش
لە هەناسەی گۆمەکانی بناری شاخ
کە هەرچی
کچ و کوڕی لادێکانە
تێیئەکەون
زۆر بەڕووتی
تەواو رووتی
تێکەل بەیەک مەلە ئەکەن
وەرزەکانی عاشق
بێ ژمارن
هەر یەک
شێوەی ماسیەکی وەرگرتووە
رەنگی پەپولەیەکی بردووە
تامی ماچێکی هەڵگرتووە
لێوەکانی عاشق
بەبێ ئەدرێس
پۆستەکانیان
ئەگەینە ماڵەکانی ماچ
ماچەکانی عاشق
لەسەر جەستە ئەبنە لاولاو
بۆ لێکئالاَنی
زیاتر و
زۆرتری
عاشق و مەعشوقەکان
جەستەکانی عاشق
هەر بە باران تەڕنابنەوە
هەر بە جۆگە زیندوەکاندا ئاودێر نابن
نەزریان ئەناسن و
نەشاخەبەفرەکان

**نەدەریایە**
**رۆژێ دابێ ببتە بیابان**
**نەبیابانە**
**رقی هەتاو بیسوتێنێ**
**..........**
**.............**
**....**
**..........................**
**.......**
**........**
**....................................**
**.......**

**بەکراوەیی بەجێماوە، هەم بۆ خۆم و هەم بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ تەواوی بکەن. لە ئێستاوە دەست خۆشی لە هەر کەسێک ئەکەم کە بەدوادا بچێ و بە بینینی خۆی شتەکانی عاشق بنووستەوە.....**